نوێنەری تایبەتی نوێی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دیاریکرا

ئەمە دووشەممە، ئینتۆنیو گوتێرێس سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستبەکاربونی مەحمەد حەسان-ی وەک نوێنەری تایبەتی نوێی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دیاریکرد.

مەحمەد حەسان بە ماوەی سێ ساڵ ئەو ئەرکەی پێسپێردراوەو بەیارەی جگەی جینین پلاسخارت بگرێتەوە، هەروەها سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سوپاسی ناوبراوی کرد کە لەماوەی ئەرکەکانی یونامی بەباشی ڕاپەڕاندووە.

محەمەد حەسان خەڵکی وڵاتی عومانەو ئەزمونی 30 ساڵی لەکاری دیپلۆماسیدا هەیە، پێشتر نوێنەری هەمیشەیی عومان بووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، پێش ئەوەش چەندین ئەرکی جەراوجەری لە وەزارەتی دەرەوەی عومان پێسپێردراوە.